

# سووتان لە نێو دۆزەخی نەبوونیدا

هیوا پشتیوان

هەر ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش دەبینم، چۆکەکانم لەرز دایاندەگرێت، هەر ڕێبوارێ چاوەکانی لە «ئەو» دەچێت، ترس دەخاتە بوونمەوە، تف لە خۆم و ئەو ماتۆڕ و کەلوپەلانەش دەکەم، تووشم بە تووشی ئەم هەستە نامۆیە دەکەن، پارە هەبووایە ئاخر من چ کارێکم بەم هەموو تڕوهاتەدا بوو؟ پارە هەبووایە لە جیاتی گرتنی سوکانی ماتۆڕەکەم، دەستی «ئەو»م دەگرت و تا دواسنووری دڵخۆشی، دڵخۆش دەبووم، پارە هەبوایە لە جیاتی ئەوەی، بەم ساردی زستانە لەسەر شەقامەکان ڕابوەستم؛ وڵات بۆ وڵات دەگەڕام و تفم لە هەرچی شەقامی دنیایە دەکرد. ئاهی چەند خەیاڵپڵاوم، تازە پارە نەبوو و «ئەو» نەما، ژیان و دڵخۆشیش نەما.

سەیرێکی تایە قوڕاوییەکەی ماتۆڕەکەم دەکەم، ڕێک دەڵێی منم، کۆڵێک خەمی ژیان لەسەر شانم، ژیانیش بێ ویژدان، هەر دەڕوا و قوڕاویترم دەکات!

ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش ڕایدەگرێت، چۆکەکانم لەرز دایاندەگرێت، جامەکەی دادەگرێت، ئافرەتێکی خانەدانە! چاوەکانی لە «ئەو» دەچێت، ترس دەخاتە بوونمەوە! لە ژێر ماسکەوە نایناسمەوە، لە دڵەوە دەڵێم: (ئەگەر «ئەو»یت و ئەگەر «ئەو»نیت، نزات بۆ دەکەم، لە هەرچی پەتایە بەدووربی) دەزانن تا ئێستا، جگە لە «ئەو» نزام بۆ کچی هیچ شار و هیچ وڵاتێک نەکردووە، وەلێ چاوەکانی؛ منیان بردەوە یادی ئەو ڕۆژەی لە زانکۆ، چاوەکانم نوقم کردە چاوی «ئەو» و پێم گوت: «لە پارە بم، ڕێگەم پێ نادات! ئەگەر نا هەر لێرە، هەردوو پێڵووی چاوتم ماچ دەکرد.»

خاتوونـی نێـو ئۆتۆمبێلەکـە، بـە کۆکەیەکـی وشـک بـە ئـاگام دەهێنێتـەوە و بـە دەنگێکـی ناسـکەوە دەڵێـت: «کاکـە گیـان، دوو فانتـا و ئاوێکـم بـدەرێ» دەنگـی خاتوونـی شـۆفێر ناسـراو نییـە، «ئـەو» نییـە، نامـەوێ چـاو لـە چـاوی بتۆرێنـم، وەلـێ ناچـارم، بـەرەو ماتـۆڕە سـێ تایەکـەم دەچـم، لەسـەر ڕەفـەی پشـت ماتۆڕەکـە، دەسـتم دەخەمـە سـەهۆڵاوی نێـو تەپەدۆرەکـە، بـۆ فانتاکـە دەگەڕێـم، دوو دانـە لـە فانتـا و ئاوێکـی بـۆ دەهێنـم، دەیدەمـە دەسـتی، دەسـتم بەردەسـتەکانی دەکـەوێت، ئاخێـک هەڵدەکێشـم و دەڵێـم: (ئەفسـووس، بـۆم نەلـوا بـۆ جارێکیـش بێـت، دەسـتم لـە نێـو دەسـتەکانی «ئـەو»دا بخەوێنـم.) پارەکـەم بـۆ ڕادەگرێـت، پێـی دەڵێـم: «لێـی بگـەڕێ، خاتوونـی جـوان!» پێـم دەڵێـت: «وەری بگـرە ڕسـقی خۆتـە!» نەموێـرا بپرسـم: «ئـەی ڕسـقی دڵـم چـی؟»

دەگەڕێمـەوە، لەسـەر پارچـە بلۆکـی بـەردەم ئاگرەکـە دادەنیشـم، ئاگری نێـو تەنەکەکـە کزبـووە. هەڵدەسـتمەوە، سـندووقێکی پلاسـتیک دەهێنـم و دەیخەمـە نێـو تەنەکـەی ئاگرەکـەوە، ئاگرەکـە گـەش دەبێتـەوە، سـندووقەکە هێـدی هێـدی دەتوێتـەوە، خـۆم وەک سـندووقەکە دێتـە بەرچـاو، چـۆن لـە نێـو دۆزەخـی نەبوونیـدا دەسـووتێم، چـۆن دەتوێمـەوە، خـۆم دەبینـم وا دەسـووتێم، پێویسـتم بـە دەسـتێکە ڕزگارم بـکات، دەتوێمـەوە! دەسـتێک نییە ئەو بەشـە ساغەی کـە ماومـە دەری بهێنێـت و بهێڵـێ تۆزێکیش بێـت لـە بوونـم بمێنـێ و تـەواو نەبـم! دەسـتم دەخەمـە نێـو ئاگرەکـەوە، ئـەو بەشـە سـاغەی کـە لـە سـندووقەکە مـاوە دەردێنـم، دەسـتم دەسـووتێ، ڕوو دەکەمـە سـندووقە نیـوە سـووتاوەکەی بەردەمـم و دەڵێـم: «خۆزگـە کەسـێکیش دەسـتی خـۆی بسـووتاندبا و نەیهێشـتبا، وا لـە نێـو ئـەم ترۆهاتـەی دنیـادا بسـووتێم».